# شون باز ئوان ش ختان دون، بست ب بست، وبا ب با،

له ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كه پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەكەون، بست بە بست، وباڵ بە باڵ، هەتا ئەگەر ئەوان بچنە ناو كونی زەبەوە-بزن مژەوە- ئێوەش شوێنیان دەكەون»، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، جولەكە ونەسڕانیەكان؟ فەرمووی: «ئەی كێ؟ (واتە: بەڵێ، ئەوان)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی حاڵی هەندێك خەڵك دەكات لە ئومەتەكەی ؛ لەپاش سەردەمی ئەو، ئەویش ئەوەیە شوێنی ڕێبازی جولەكە وگاوڕەكان دەكەون لە بیروباوەڕ وكردەوە وخوو وكلتوورەكانیان بەشێوەیەكی زۆر ورد ؛ بست بە بست، وباڵ بە باڵ، تەنانەت ئەگەر ئەوان بچنە نێو كونی زەبەوە-بزن مژە- ئەمانیش شوێنیان دەكەون.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3355